**بەشی شەشەم لە قەسیدەی :**

# چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە

**بەرزان هەستیار**
**ئەڵمانیا / کۆلن**
bhastiar@yahoo.de

2007/1/30 :
**وەك مەرکانەیەکی شکاو**
**تینوویەك بە خەیاڵیا نایەت .....**
**بۆ جاموولکەیەك ئاوی سارد ....**
**سەری سڵاوێکم  بۆ خوار کاتەوە ؛**
**ئێ ، ئاخر هەقی خۆیەتی ،**
**من خۆم گەرووم بووەتە  پەلاس ،**
**قەلا.. قەلام لە وشکبوونەوە !**

2007/2/4 :
**خودایە بە دەنگە گەورەکەت**
**تێر جنێومان کە و**
**غەزەب لە بەشەرییەت بگرە ؛ .**
**کە عیشق وەك مامزێك سەرئەبڕین......**
**ئەبێ کەون هێندەی تۆزێکی بمێنێتەوە ،**
**تۆش لە غرووریی خۆت ڕووت بیتەوە و**
**تێر .. تێر بگریت ؛**
**خودایە وا ئێمە بێ عارین ،  ئەی تۆ  چی ؟؟؟؟**

2007/2/5 :
**هێندەی ماوەی چاوداگرتنێك لە کچێك ،**
**ماچی سەر سیلەی کۆلانێك ،**
**دەرچوونی گوللەیەك ،....**

کاتم ماوە بۆ خۆم ؛
بە قەدەر درێژیی مێژوو ،
تارتەقای تەمەنی " نوح " و
مەودای دوورترین هەسارە ،.....
بوارم هەیە ، گوێ لە بارینی تۆ بگرم
******

چەرچەفی بێدەنگییەکی سپی ئەدەم بە خۆمدا......
کە ئێوە لە تاریکییدا ئەبینم ؛
ئاخر ئەزانم ؛ ئێوە خۆتان
لە نێوان بەفر و قەتراندا
ڕووتان لە کرێوە وەرگێڕا

: 2007/2/7
هەناسە ، سنووری تەسکی نێوان ژیان و مەرگە
بیرکەنەوە ،
ئەو دوو دوژمنە ئەگریسە ......
چەندە لێکەوە نزیکن ؟!
******

کچێکم هەبوایە پێی ئەوتم
بابە ، من و بووکە شووشەکەم ......
چۆن لێکدی جیا ئەکەیتەوە ؟!
کچێکم هەبوایە پێم ئەوت
گوڵەکەم ، من و داهۆڵی باخەکە
چی لێکمان جیا ئەکاتەوە ؟!
******

بەیانیان ڕێم نییە بڕۆم ،
حەوشەیماڵەکەم پڕ بووە لەو هاوارانەی
دوێنی شەو ، بێهوودە ،
حەواڵەی هەموو کونجێکی کەونم کردن !!!

: 2007/2/11
جەنگاوەرێکی ترسنۆکم و
بە هەموو لایەکدا شمشێر ڕائەوەشێنم
تا ، غیرەت بنێمە بەر خۆم و

له كەوتنە خوارەوەی دڵۆپی بارانیشا ،
وا تێ بگەم .....
من جەزرەبەم گەیاندۆتە عەرشی سەما

: 2007/2/13
خۆشە ، هەندێ جار ، كەسێك .....
هێندە لە قوڕاوی بێزارییت هەڵكێشێت ،
تا بە دەماخێكی ئاسوودە.....
وەك نوقڵی بەرات ، جنێو ببەخشیتەوە

ڤالانتیانی2007 :
لێگەڕێن ، ڕەشەبایەك دەمامكەكان بڕفێنێت و
بە ڕۆژی نیوەڕۆ ،.......
دەستە و یەخە بكەوینە شەڕ و
خوێنی گوڵە سوورەكانیش لە پە نجەكا نمان بچۆڕێت
بۆ ئەوەی عیشقیش تێبگات.....
ئەم بەشەرە چەند شەڕانگێزە !

: 2007/2/16
لە بارینی خۆی ناكەوێت ، شەونم و
دەستبەرداری دوژمنكاریی نابێت ، هەتاو ؛
شەونم ، یادەوەرییەكا نی من و
هەتاو ، خە نجەرەكەی دەستی ئەوان !